www.kurdistannet.org
3-2-2003 13:13

# ئایەندەی فەنتازیای تیرور!!

کەیهان عەزیز
kayhanaziz@maktoob.com

بەپێ ی بۆچونی فەیلەسوفی ئالمانی مارتن هایدگەر، کۆمەڵگا ئیسلامیەکان یان بەئیسلام کراوەکان، درەنگهاتووەکانی مێژوویەکن، کەبەخێرایی بەرەو کۆتاییبوونی خۆی دەروات!، واتە کۆمەڵگابەئیسلام کراوەکان، کاتێك لەخەونەکانیان بێداریان بۆتەوە، کە مێژوو بە تەواوی بەشەکانی زانست، تەکنولوژی، ئابووری، . . . تاد، لەلووتکەدایەو بەرەو پایانی خۆی دەڕوات ! !.

هایدگەر چاکی پێکاوە، چونکە لەوولاتانی ناوبراو، نەك ژێرخانی کۆمەڵگا، بگرە سەرخانەکەیشی ڕووخساروستراکتورێکی سەراپا داڕزیوو دواکەوتووو کەلاوەئاسای هەیە!، چونکە لەم وولاتانەدا، تازە لەبیری مۆدێرنکردنی ئاین، دانیشگا، فەرهەنگ، باوەڕوخورافاتن!!تازە دێن باس لە تارات وزانستی تارات وفەلسەفەی تارات وئالتەرناتیڤی تارات دەکەن!!! لەبیری مۆدێرنکردنی ئاین، دانیشگا، فەرهەنگ، باوەڕوخورافاتن، لەکاتێکدا مۆدێرنە، یەك ڕەوشەوپێناسەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە مۆدێرنیتەودیالکتیکی زانست ومێژوو، نەك ناتوانێ کۆمەك بەبیروئایدیایەکی وەك ئیسلام وئایدیاخورافاتەکانی دیکە بکات، بگرە ڕێك بەپێچەوانەوە (وەك دەورانی ڕێنیسانس) لەگۆڕیان دەنێ وگەر نەیخاتە زبڵدانی مێژووە وە، ئەوا بەمۆزەکانی مێژوویان دەسپێرێ!!، ئیمڕۆ ئێمە لەجیهانی بەئیسلامکراودا، کاتێ لەژێر کارایی گۆڕانکاریە خێراو گشتگیرەکانی ڕشتە گرنگەکانی زانستداین، شۆڕشی تەکنولوژی وگلوبالیزاسیون، بەبزووتنەوە گشتگیروخێراکانی، بەپرسیارە ووردو سیستیماتیکەکانی، تەواوی فەلسەفەوستراکتۆرو لوژیکی ئیسلامی هەڵوەشاندۆتەوەو ناچاری بەچاو پیاخشاندنەوە کردۆتەوە!!. ئیمڕۆکە، ستراکتۆرومیتۆدو لۆژیکی ئیسلام وئایدیاخورافاتەکانی دیکە، دەبێ لەبەرانبەر ئەو چاڵش وگرفتە گرنگانەی، کەزانستە کۆمەڵایەتی وسروشتیەکان لەسایەی گۆڕانکاریە خێراکانی تکنولوژیا (بەتایبەت ڕشتەی ئەندازیاری جینەکان) کەبەدەستی هێناوەودووچاری شەرمەزاریەکی بێ وێنەی کردووە!، دەبێ هەڵوێست وەرگرێ!!، بەم پێیەش ئیدی ناتوانن وەك جاری جاران بەوەڵامە کلاسیکەکانی لەچەشنی (خودا ئەقڵی بەمرۆ بەخشیووە، تائەو پەڕی سنوور کریدیدی لێوەرگرێت!!) گێلترین کەس فریوو بدەن، بەتایبەتی لەبەرانبەردۆزینەوەیەکی لەچەشنی **کۆپی** ( kloonen) مرۆڤ وبوونەوەرەکاندا!.

گرنگ نیە، خوا لەتێکستەکانیدا چی دەڵێت، گرنگ لەوەدایە، مێشکی مرۆڤ وپراکتیکی مرۆڤ، پێچەوانەی تێکستەئاسمانیەکانی سەلماندووە!گرنگ ئەوەیە، دەستاوەردە زانستیەکانی مێشکی مرۆڤ، لەهەر کاتێك زیاتر ئایدیاخورافیەکان و لایەنگرانیانی شەرمەزارکردووە!و بەتووندیش خستووینەتە ژێرپرسیارەکانی خۆیەوە!!. ئیدی لەدەورانی شۆڕشی تەکنولوژی و گلۆبالیزمدا، بەرفراوانترین گۆشەی زەمین دەکەوێتە ژێر تیر ڕەسی ئامانجەکانیەوەو تەواوی فازو ڕشتەو زانستە فەلسەڤ، کۆمەڵایەتی، ڕوشنبیریەکان. . . تاد، دەخاتە ژێر ئەم کاراییەوە، پەلکێشانی ئەم کاراییەش بۆ تەواوی ئەو ناوچانەی کەسیستم وستراکتۆرو میتودیان (جیهانی بە ئیسلامکراو) یا سەرخانی کۆمەلایەتیان لێوانلێون لە دوگم و تۆزو گەردی سەدەکانی ناوەڕاستیان پێوە یە بەرچاوترە!!، هەربۆیەش ئەم کاراییە، بۆسەر جیهانی جەهل وخورافەیە، ڕەهەندێکی دیکە بەخۆوە دەگرێ وتادێ، بازنەلەدوای بازنە دەشکێنێ تا دەگاتە گرنگترین خاڵ، کەبریتیە لەستراکتۆری هەرەمی بەڕێوەبردنی ئیسلام، کەئەویش لەژێرفشاردا ناچاردەکرێ، تەنها ناوی بمێنێتەوە تا ناوەڕۆك ! !

ئالێرەوەیە، ئیسلام بە ناچاری لەبەرانبەر دوو ڕیگاو دووهێڵی جیاکەرەوەو چارەنووس سازدا قەراری گرتووە!، ١– یەکێکیان کەئێستا لەتاقیکردنەوەیدان، فەنتازیای تیرۆرو تەقاندنەوەو ڕەشەکوژیە، چونکە ئیسلام وپایەکانی، ئیسلام وئاخوندوئیمامەکانی، بێگانەن بە پێناسەیەك کەناوی ئازادی وتلورالیزمە، ناوی ڕێز گرتن لە کاراکتەروئایەندە وئازادی ژنانە، بێگانەن بەهەموو ڕۆشناییەك، ئاشنان لەگەڵ هەموو شەمشەمەکوێرەوکەرکەدەن ودایناسورێك، بێگانەن بەفەنتازیای زیندگی وعیشق!!، هونەرمەندی فەنتازیای تیرۆروکاولکاری ورەشەکوژین، ئەم فازە هیچ ئاسۆ و پەیامێکی دیکەیان پێ نیە.

٢– ئەویدیکەیان، کەبەبڕوای من، لۆژیکانەترە، ملدان و ڕفتارکردنە لەگەڵ ئەو ریفۆرمەی، کەبەناچاری وبەتۆپزی، لەژێر کارایی فاکتەری شورشی تەکنولوژی وگلوبالیۆاسیوندا، دێتە ئاراوە. بەلأم دیسان ئەم ملدانە ،کارێکی زۆر دژواروسەختە! وەلیٚ دەربازبوون لێی مەحالە!، چونکە ئالترناتیڤی خۆتەقاندنەوەوکاولکاری و ڕشەکوژی وتیرور، هەڵکشان و هەڵچوونێکی کاتیەو هەربۆیە، پاش هەر هەڵچوونێك، داچوونێکی لەدوایە!، ئەو کات بەناچاری پەیامبەرانی تیرورو ڕەشەکوژی، لەژێر کارایی شۆرشی تەکنەلوژی وجیهانی گۆڕاودا، ناچار دەبن وەك دەورانی ڕێنیسانس، مل بدەتە فازی دووەم، کەریفۆرمە!!! (سەرنج بدەن هایدگر ووتەنی، ئێمە تازە لە دەورانی پێش ڕێنیسانس داین!!!) و لەم پریۆدوفازەشدا، بێگومان کۆمەڵێك لەپاشماوەکانی پریۆدوفازی یەکەم (یارانی فەنتازیای تیرۆر) ، دووبارە تواناو ئەمەکیان لە ڕێگای بەرگریکردنەوە نیشان دەدەن!، کەئەمیشیان لەژێر کارایی وهێزی پێشکەوتنخوازی و زانست وتەکنولوژی وگلوبالیزمدا، ووردوخاش دەبیٚ وپارچەخاشبووەکانی، لەمۆزەخانەکانی ئایەندەی پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤایەتیدا دەبینرێتەوە.

کەوایە ئیدی هاواری، اللەاکبری، فوندەمانتالیستەکان بەجێیەك ناگات!، ئیدی لۆژیکی، فقە فقە وشەریعەوسوونەت، بێستیارێکی شنەوا، بەلای خۆیدا ڕاناکێشێت!، ئیتر چاك دەبیٚ بزانین، کە فقە وئیسلام نەشۆڕشی پێدەکرێت و نەفەنتازیای ژیانی پیٚ هەرس دەکریٚ ونەخەڵکانێکیشی پیٚ رزگار دەکریٚ!!!.

مارتن هایدگر، وجودوزمان

ماتن هایدگر، مصاحبەبا دیرشپیگل ١٣٥٥، ١٣٢

Utrecht
1-02-2003

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣